# چۆن بیر لە تۆ نەکەمەوە

کاوەی خەسرەو کاوانی

پاش تەمەنێك
کە بیر لە یەکەم  نیگای تۆ دەکەمەوە
وا هەست دەکەم
تەزووی هێشتا لە ناو لاشەی من دا ماوە
ئێستاش وەکو جاری جاران
سۆزی  یەکەمین نیگای تۆ
کە بەدەریای نێو خەیاڵم گوزەر دەکا
دەمخاتە بەر ئیلهام و سۆزی هۆنراوە.

*          *        *

چۆن بیر لە تۆ نەکەمەوە
کە تۆ بەشێکی لە بیرم
چۆن بیر لە تۆ نەکەمەوە
کە منی شەیدای عیشق و گوڵ
تەمەنێکە بە زنجیری
عیشقەکەی تۆوە  یەخسیرم
عیشقت وەلاتی دڵمە
بیرکردنەوەت مێژووی ئا ئەم وەلاتەیە
گەر تۆ نەبی مێژووییێکی پچڕ نوسراوی لاوازە ,
تۆ تروسکەی شەوەزەنگمی
بێ تۆ ژینم گۆرانییێکی بێ شیعرو بێ ئاوازە.